www.kurdistannet.org
14-2-2006 12:04بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# تابوری پێنجەمی بەرپرسان... رزگار کۆچەر

لە راپەرین هەرکەسێك پرو پاگندەی یان قسەی دژی بەرژەوەندیەکانی ئەو کاتەی بەری کوردستانی کردبا پێیان دەگوت تابوری پێنجەم جا ئەو قسانە راست بان یان درۆ!!!!!!
ئەو کاتەش مەسەلەی شۆفەل ئاودیو کردن و گومرگ و پیاوی رژێم و زۆر شتی ترلە گۆری بوو کەناکرێت باسی لێوە بکەین بەلام دەم چاوەکان و ئەکتەرەکان هەمان ئەکتەرو هەمان دەم چاون تەنها گۆران لە مۆدیل و کالەی ئەدی داس و کەتافە و جۆری لاند گرۆزەکان کراوە.. ئا مۆدیلی کاشی و نەخشەی خانوەکانی سەر گردەکانیش گۆرانی بەسەر داهاتوە بی ئەوەی کەس بلێت من ئەینە لکە لەگەل گۆرانیش لە جۆری سمێل تراشین و پرچ رەش کردنەوە...
ئێستاش پاش پازدە سال لە راپەرین وخۆ دەولەمەندکرنی هەندێك لە بەرپرسان خەریکە تۆرێکی فرەوانی ریکلام دروست کردن و پێدا هەلگوتن بە سەرو باشە و خێرو سەدەقەکانی بەرپرسان لە کوردستان دروست دەبێت کە دەتوانم من ناوی ئەو کەسانە ناوبنێم تابوری پێنجەمی بەرپرسان کە کاریان هەرلە ریکلام کردن بۆ نەهاتنی بەنزین و تا دەگاتە گران بوونی زەوی کرین و فرۆشتنی ئۆتمبێلە علوجەکان تەواو نابێت بەلکو ئێستاش هەندێك لە بەناو ئەو رۆژنامە نوس و رۆشەنبیرانە خەریکە دەبنە ئەو زورنایەیی کە تەنها بەدەمی ئەو پەرپرس و ئەو بەرپرس لێدە درین بەرامەبەر مل کەج بوون و بی ئاگا بوون لە هەموو دیاردە دزیوو ناشیرنەکانی هەندی لە بەرپرسان کە خەریکە جەماوەر وەك مانگە شەو لەبەردەم روناکیەکەی چاوهە ل دەێنن و دەزانن کامەیان شفتی بەشەرت و پاك و دلسۆزی گەل ونیشتمانن!!!!!!!!!....
جا من نازانم ناوی چ لەم رۆژنامە نوسە بهێنم کاتێك قوندەرەی ئەو ئەو ماچ دەکات تا بەرپرسێك ببینێت و کە دەشی بینێت هەموو قسە زلەکانی لە بیر دەچێت کە لە کۆرو کۆبونەوەکان بۆمانی دوبارە دەکاتەوە... تەنها خۆی لە خالێك دەبینێتەوە ئەویش خالی رازی بوونی خودیە!!!!!
یان چاوەرێیی ئەو ئیستسنایە یە کە دەیەوێت بۆ زەویەکەی بکات... یان چاوەرێیی ئەو ٤٠ گەلایەیە کە دەیەوێت ئۆتۆمبێلەکەی پی بگۆرێت... یان دەوام نەکردنی خیزانەکەیتی لەم فەرمەنگەکەی بی ئەوەی یەك فلس لە راتبەکەی ببردرێت!!!!!!
کەسانێك ئیمرۆ بانگیشەی گەندەلی و جاکسازی دەکەن کەچی خۆیان بەشێکن لەم گەندە لیە خۆیان بوینە تۆپی تێنس و هەر جارەو لە مێزی بەرپرسیك بەسەر شۆری دەکەونەوە خۆیان بوینە کاتبی ئەو بەرپرس و ئەو بەرپرس تا مەقالەیەکی شرق ئەوسەت بۆ خۆیان یان وەسفەیەکی خواردن دروست کردن لە سیدتی بۆ خیزانەکانیان تەرجومە کەن جا نازانم ناوی جی لەم رۆشەنبیرەش بنێم تابوری پینجەم یان...
هەندی رۆشەنبیر لە ولاتەی ئێمە بۆتە ئەو کەسە کە ئۆتۆمبیلەکەی هاژوا دەبێت بەزنزینەکەی لەسەر فەرمانگەکەی بێت جا وەرە ئەم هاوکیشەیە لێك بدەرەوە... یان خویندنی بی شهادەیی خۆی لەسەر پابەند بون بە ئەو شهادەیە بێت کە لە شێخەلا بۆیان دروست کردوە بەرامبەر بە مل کەج بوون بە رکلامە درۆ کانی بەرپرسەکەی کە ئەو رۆلی بلاو کردنەوی دەبینێت لە نێو جەماوەر....

باسی گێر گۆرین هەر ناكەم باسی ئەو كەسانەش ناكەم كەجاران نەیارو ناحەز.... ئیمرۆش دلسزۆزو سەگە بەوەفاكە... باسی كەسانێك دەكەم تا ئێستاش لەسەر میلەتەكەم بە رۆشەنبیرو رۆشەن فیكرو تد... ناسراون كەچی ئەوەندە پاش قەلن كە تائێستاش هەر تەنها دەزان رەنگی سپی رەش هەیە نازان خەلك لە خۆیان باشتر دەیان ناسێت جا پێوست بە قسەی زل ونا معقول ناكات...

Rzgar77@hotmail. com